# ئەنفال ئەنفال

دەرهێنا و رووی لولەی دەمانچەکانیان کردە دوکتۆرەکان و داوایان کردلێیان، ئەوەی دەیلێین دەبێ بەخێرایی جێبەجێ بکرێت، ئەگەرنا، لەباتی بریندارەکان، ئێوە (دوکتۆرەکان) راپێچی بارگەی ئەمن دەکرێن!

تێکرای بریندارەکان سواری ئۆتۆمۆبیلەکان کران کەلە حەوشەکەدا راگیرابوو بۆیان. دوکتۆرەکان، بۆ دڵنیابوون تەلەفۆنیان کرد بۆ نەخۆشخانەی سەربازیی، بەڵام ئەو بریندارانە قەت نەگەیشتنە نەخۆشخانەی سەربازی و، دوکتۆرەکانیش هەرگیز جارێکی دیکە هیچکەس لە رزگاربووەکانی هێرشی کیمیایی بۆ سەر دۆڵی «بالیسان»یان نەبینییەوە. دواتر بیستبوویان کاروانێک ئۆتۆمۆبیلی رژێم کە ئامبوڵانسی سەربازیشیان تێدابووە، رووەو مەخموور و رۆژهەڵاتی هەولێر رۆیشتبوون.

دواتر، چەند کەسێکی کەم لە رزگاربووەکان بە HRW/ME یان راگەیاند قوربانییەکانی دۆڵی بالیسان بردران بۆ نێوەندێکی پۆلیس کەلەو کاتەدا بووە نێوەندی گرتن لەلایەن دەزگەی «ئەمن» ەوە. کاتێ قوربانییەکان گەیشتن، هەردەنگی قیژە و هەراوهۆریادەبیسترا. بەکرێگیراوانی ئەمن هەوڵیاندا گیراوەکان بەپێی تەمەن و توخم لێک جیابکەنەوە، لەنێوئەو بگرە وبەردە و راکێشانانەدا، چەند کەسێک لەوانە ژنێک منداڵەکانی جێهێڵا و خۆی رزگار کرد. ئەوانەی کە مانەوە، خستنیانە نێو زەترانەی داخراوەوە. ماوەی چەندین رۆژ بێ نان و ئاو و بێ هیچ جۆرە چاودێریکردنێکی پزیشکی لەنێو ئەو ئۆتۆمۆبیلە داخراوانەدا مانەوە.....

پاش بەکۆمەڵ بزرکردنی پیاوەکان، ئەو ژن و منداڵانەی کە مابوون، بردران بۆ «خەڵیفان» کە لە باکووری خۆرهەڵاتی هەولێر هەڵکەوتووە و سێ سەعاتێک لە هەولێرەوە دوورە. پاشان بردنیان بۆ شوێنێکی چۆڵ و، دوور لە ئاوەدانی بەنێوی «ئالانە». چوونە دەرەوە و هاتوچۆکردن لەم شوێنە قەدەخە بوو و، بەکرێگیراوانی ئەمن پاسەوانییان دەکرد... دانیشتووانی خەڵیفان، دواتر توانییان هێندێ لەو خەڵکە رزگان بکەن و بیانبەنە لای خۆیان و پارێزگارییان بکەن. هێندێکی دیکەش بەرەو ئۆردووگا پیسەکەی حکومەت لە «سەرووچاوە» هەڵاتن. لە شەوی کیمیابارانەکەدا، بە سەتان کەس لە گوندشینەکان بەرەو ئۆردووگای سەرووچاوە هەڵاتبوون و لە بارودۆخێکی گەلێک دژواردا دەژیان.

**مەلا بەتەمەنەکەی بالیسان دەچێ بۆلای لێپرسراوی حیزبی بەعس و داوا و تکا دەکات لێی بارودۆخی ئۆردووگاکە چاکتر بکەن! لێپرسراوەکەی بەعس لە وەرامیدا دەڵێ: «ئێوە مرۆڤ نین تا باری ئاسایش و ژیانتان چاکتر بکرێ!!».**

لەسەر بنچینەی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ چوارکەس لە رزگاربووەکان و فەرمانبەرانی بەشی تەندروستی و مەیتخانەی هەولێردا کراوە، توانرا ژمارەی قوربانییەکانی دۆڵی بالیسان بەم جۆرە بەراورد بکرێ:

١- بیست و چوار کوژراو لە بالیسان لەئەنجامی بەرکەوتنی راستەوخۆی چەکی کیمیایی. ئەم قوربانییانە، لەنێو گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە بالیسان نێژران.

٢- لە شێخ وەسان سەت و سی کەس، لە نێویانداپەنجا کەس لە گۆڕی بەکۆمەڵ لە گوندی سەروچاوە نێژرابوون. کوژراوەکان ٣٣ منداڵیان تێدابوو لەژێر تەمەنی ٤ ساڵییەوە، ٢٨ کەسی دیکە لەژێر تەمەنی ٥ وە بۆ ١٤ ساڵان و ٩ کەسی بەتەمەنیش لە نێوان ٦٠ - ٨٠ ساڵدا بوون.

٣- هەشت کوژراو لە نەخۆشخانەی رانیە.

٤- لەنێوەندی گرتووخانەی «ئەمن» لە هەوهێر ١٤٢ کوژراو لە وەنجامی چارەسەرنەکردنی برینەکان و بە هۆی برسێتی و تینوێتی و پشتگوێ خستنیان. لەنێو ئەمانەدا دوو ژنی بەتەمەن هەبوون بەنێوی سەلما مستەفا حامید و عادلە شینکۆ، هەروەها کچێکی تەمەن ٩ ساڵان کە ناوی هاوسات عەبدوڵلا خدر بوو.

٥- پڕی دوو پاس (ئۆتۆبوس) لە پیاوی بەساڵاچوو و لاو و هەرزەکار لە نێوەندی گرتووخانەی هەولێرەوە بێسەروشوێن کرابوون. رێکخراوی HRW/ME یش وای بۆدەچێت گوللەباران کرابن. شایەتەکان ژمارەیان لەنێوان ٧٠ - ٧٦ کەسدا دادەنێن. ٢٢ پیاوی خەڵکی بالیسان، ٥٠ پیاوی خەڵکی شێخ وەسان، ٤ کەسیش خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر، لەگەڵ دوو کوڕی بچووکی مەلای گوندی بالیسان بەنێوی محەمەد ئیبراهیم خدر- تەمەن ١٨ ساڵ و موحسین ئیبراهیم خدر ١٢ ساڵ لەنێو کوژراوەکاندا بوون.

بەپێی بەراوردکردنی HRW/ME، دەوروبەری ٤٠٠ کەسی سیڤیل لە دۆڵی بالیسان، لە ئەنجامی راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆی چەکی کیمیایی لە ساڵی ١٩٨٧ دا کوژراون.

«ماویەتی»